**راگەیاندنی رۆژنامە گەری**

**لەچوارچێوەی چالاکی و هەڵسوورانەکانی کۆنگرەی ئازادی عیراق کۆبوونەوە لەگەڵ نوێنەری حیزبی چەپی فنلاندا**

## (ئەرکی چەپی ئەوروپا لە پەیوەند بە هەل ومەرجی ئێستای عیراق!)

لە رێکەوتی 2005/10/3دا نوێنەری حیزب لە فنلاند و لێپرسراوی کۆنگرەی ئازادی عیراق لە فنلاندا جمال صالح لەگەل هاورێ سامان کریم ئەندامی مەکتەبی سیاسی چاوپێکەوتنێکیان لەگەڵ نوێنەری مەکتەبی نێونەتەوەیی حیزب چەپی فنلاندا بەرێز Pekka Ristela کرد.
تەوەرەی قسەوباسەکان سەبارەت بە کۆنگرەی ئازادی عیراق، وەزعیەتی ئێستای عیراق و نووسینی دەستووری نوێی عیراق، ئەرکی چەپی ئەوروپا لەپەیوەند بە وەزعیەتی عیراق چوارچێوەی قسەوباسی کۆبوونەوەکەمان لەگەڵ حیزبی چەپی فنلاندی.

لەو دانیشتنەدا هاورێیان باسیان لە وەزعیەتی ئێستای عیراق کرد، لەوانە تڕۆریزمی دەوڵەتی و ئیسلامی کە هەڕەشە لە ژیان و گوزەرانی هەر رۆژەی خەلکی عیراق دەکات، دەسەڵاتداریەتی ئیسلامی سیاسی و ناسیونالیزمی کوردی لەم هەل ومەرجە تازەدا و تاریك کردنی هەرچی زیاتری ئاسۆی عیراق. جم وجووڵی ئیسلامی سیاسی ئێرهابی و تەقینەوەکانی هەر رۆژە کە دەیان وسەدان کەس دەکەنە قوربانی ئاگری تڕۆریزمی ئیسلامی خۆیان.
هەروەها هاورێیان باسیان لە سیاسەتی ئێستا حیزب کرد بەتایبەت سەبارەت بە دەستووری عیراقورێکخستنی دەنگدان بۆی، کە حیزبی ئێمە لەم کاتەدا کە سیناریویەکی تاریك ونائەمنیەکی تەواو بەسەر جەماوەری خەلکی عیراقدا سەپێنراوە بەهیچ شێوەیەك کاتی گونجاوی نووسینەوەی دەستوور نیە و گێرەوکێشەکانی ئێستا کە لە کۆمەڵگادا هەیە دەستوور چارەسەری ناکات بگرە خراپ تری دەکات. کێشەی ئێستای عیراق لەسەر نەبوونی دەستوور نیە، لەبەر ئەوە ئەم هەل ومەرجە ئێستا چۆنە دوای ئەگەری بەرەسمی بوونی دەستووریش هەر وا دەبێ.
ئێستا دەوڵەتی عیراق لەلایەن ئەحزابی قەومی و عەشیرەیی و دینی بەرێوە دەچێ و ئەم پێکهاتانە بەهیچ شێوەیەك ناتوانن پێکەوە بگونجێن و تەنیا لەژێر گوشاری ئەمرێکا و سایەی هیزی داگیرکەرەکەی توانیانە تا ئێستا لەو شکلەدا درێژە بەکارەکانیان بدەن. مەترسی تەقینەوە و گەورە بوونی شەری تایەفی و ئایینی لەهەر سات و کاتێکدا چاوەڕوان کراوە. سەرەڕای ئەوەش ئەم دەستوورە ناتوانێ نوێنەرایەتی دەنگی خەلکی عیراق بکات چونکە دەستوورێکی کۆنەپەرستانە و ئیسلامیە و هەر لە ئێستاوە مۆری پێشێل کردنی مافی ئینسانی بەگشتی، پێشێل کردنی مافی ژنان و منداڵانی بەتایبەتی پێوەیە.
چەپی ئەوروپا و چەپی فنلاندا ئەرکیانە دەنگی خۆیان بەرز بکەنەوە و هەڵوێست بگرن. خەلکی عیراق چاوەڕوانیان هەیە کە چەپەکانی دنیا دیفاعیان لێ بکەن. هەرچی راست و کۆنەپەرست و ئیسلامی سەدەکانی ناوەڕاستە رۆژانە باسی وەزعی عیراق دەکەن و هەڵوێست دەگرن، لەم بەریشەوە چەپەکان ئەرکیانە هەڵوێستی روونیان هەبێ. دەنگی

خۆتان بخەنە پاڵ دەنگی ئێمە وپشتیوانی لە کۆنگرەی ئازادی عیراق بکەن کە سەرخەتی ئەلتەرناتیڤی ئێمەی ڕاگەیاندوە و بۆ زۆرێك لە زمانەکانی دنیا لەوانە بە زمانی فنلاندی وەرگێردراوە.

لە وەڵام بە باسەکانی هاورێیاندا نوێنەری حیزبی چەپی فنلاندا پێشوازی لەو قسەوباسانە کرد و زۆر بەگرنگی زانی کە بەردەوام لەلایەن ئێمەوە لە هەواڵ وباسەکانی عیراق ئاگادار بکرێنەوە لەبەر ئەوەی میدیای رەسمی تەنیا یەك لایەنە راستیەکان باس دەکات. هەروەها باسی لەوە کرد کە لە کۆتایی ئەمساڵدا چەپەکانی ئەوروپا کۆنفراسێکی فراوانیان دەبێ و لەوێدا ئەم باسانە دەدەنە بەر لێکۆڵینەوە و وەڵامی روونی خۆیان لەسەر چەندین بابەتی گرنگی دنیا وەك مەسەلەی فەلەستین و عیراق دەدەنەوە. بابەتەکانی کۆنگرەی ئازادی عیراقیان لەکاتی خۆیدا پێ گەیشتوە و زۆر بەباشی دەزانن و پێیان ئەلتەرناتیڤی گرنگە کە مایەی پشتیوانیە، هەروەها لەسەر بابەتەکانی مافی ئینسان بەتایبەتی مافی بەرابەری ژنان و منداڵان هەر ئیستا دەتوانن لەگەڵ حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عیراق کاری لەسەر بکەن و پیشتوانی لەو مافانە بکەن.

کۆمیتەی فنلاندی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عیراق
ئۆکتۆبری 2005